# "شێوازی دانیشتنی ژن" و "فێمێنیزم"ی کورد

بەکرئەحمەد
baker.ahmed@comhem.se

"لەسەر باڵی پێڵاو", بابەتێکی (کەژاڵ ئەحمەد)ە کە لە سایتی (کوردستان نێت)دا بڵاوکراوەتەوە. ناوەڕۆکی ئەم وتارە, سەرنجدانی نووسەرە لە وێنەیەکی فۆتۆگرافی ژنە پەرلەمانتارێك کە لە ڕۆژننامەی (ژیانەوە) ی ژ 252دا بڵاوکراوەتەوە. ئەم وێنەیە هێندە کاریگەری لای کەژاڵ ئەحمەد دادەنێت کە :"هەست کردن بە شەرم سەرتا پای داگرتم" وەك دەربڕینێکی بەهێز دەبێتە هەوێنی وتارێك.

.

کەژاڵ ئەحمەد ئەو وێنەیەی ڕۆژنامەی (ژیانەوە) وا دەبینیت:" لە یەکێ لە کۆبوونەوەکانی پەرلەماندا بە شێوەیەکی نەشیاو قاچی خستۆتە سەر قاچ و بە شێکی قەڵەمەکەی لە لاتەنیشتی پێیەوە خستۆتە ناو تاکی پێڵاوێکییەوە", مەبەست لە ژنە پەرلەمانتاری ناو وێنەکەیە. هەر بۆیەش:" مرۆڤ واقی وڕدەمێنێت و نازانێت چی بڵێت سەبارەت بەم بێ ڕێزییەی بەقەڵەم کراوە لەلایەن کەسێکەوە کە یەکەمجار کوردە و لە پەرلەمانێك دانیشتووە کە قەڵەمیش خوێنی ڕشتووە لە پێناوی هێنانەدیدا و دووەمجاریش ژنە کە خەباتەکەی ئەو وەك ژن, خەباتێکی فیکرییە نەك چەکداریی و چەکی ژنانیش لەم خەباتەدا قەڵەمەکانییانە, سێیەمجاریش پەرلەمانتارە, واتا بەدەنگی خەڵك چۆتە ئەو شوێنە و نوێنەرییانە, ئەم بەرپرسیارێتییەش ئەوەی بەسەردا دەسەپێنێ هەر هیچ نەبێت شایستانە لەناو هۆڵی پەرلەماندا ڕەفتار بکات."

بەڵام ئەگەر ئەم کردەوەیەی خانمی ناو وێنەکە لە بێئاگاییەوە بووبێت, ئەوە بە بۆچوونی کەژاڵ:"عوزر لە قەباعەت خراپتر".

چونکە ئەگەر :" خانمێك ئاگای لە شێوازی دانیشتنەکەی نەبێت, چۆن ئاگای لە بابەتە باسکراوەکانی ناو هۆڵی پەرلەمان دەبێت یان چۆن ئاگای لە داکۆکیکردن لە مافەکانی هاوڕەگەزەکانییەتی" بەڵام هۆکاری سەرەکی ئەم هەست بەشەرمکردنەی کەژاڵ لەوەدایە کە خەباتی سەرسەختانەی ئەو وەك "یەکەمین" کەسێك بۆ داکۆکیکردن لە مافەکانی ژنان کە ئەمڕۆ بەرهەمەکەی بوونی چەندین ژنی ناو پەرلەمانە, خەریکە بەم دانیشتنە ناشایستانەیەی خانمی ناو وێنەکە:" ئەمڕۆ بەدەستی ژن خۆی ناشیرین دەکرێن و دەکرێنە بەهانە بۆ ئەو پیاوانەی تا ئێستاش پێیان وایە گونجاوترین شوێن بۆ ژنان ڕەوانەکردنەوەیانە بۆماڵەوە."

سەرنجدانێکی دیکە لە وێنەکەی ڕۆژنامەی (ژیانەوە)

کاتێك ڕۆژنامەی ناوبراو, جێگایەکی هێندە گەورە بەم وێنەیە دەدات و لەژێرییەوە دەنووسێت:" ژنە ئەندام پەرلەمانێك لە کۆبوونەوەیەکی پەرلەمانی کوردستاندا, قەڵەمەکەی بەو شێوەیە بەکاردێنێت.", بەهەمان شێوە ئەو پەیامە دووپاتدەکاتەوە کە کەژاڵ ئەحمەد لە (لەسەر باڵی پێڵاو)دا دەیەوێت بە خوێنەری بڵێت. بەڵام وێنەکە هەر بەتەنها ژنێکی ناو پەرلەمان نییە. گۆشەیەکی دانیشتنەکانی ناو پەرلەمانە, ژنێکی حیجاب لەسەر لە دانیشتنێکی قوتابیئاسای قوتابخانەیەکی سەرەتاییدا باسکەکانی لەیەك ئاڵاندون و وەك قوتابییەکی "ئاقڵ" دانیشتووە. لە تەنیشتییەوە, ژنی ناو وتارەکەی کەژال. لە تەنیشتی ئەویشەوە, پیاوێکی ئەندام پەرلەمان, بە چاکەت و پانتۆڵەوە و بە "ویقارەوە" دەستەکانی لەیەك ئاڵاندون و لەسەر ڕانی دایناون. تا ئێرە بینینی وێنەیەکە لە گشتییەتی خۆیدا.

با جارێکی تر, لە لای چەپی وێنەکەوە بۆ لای ڕاستی گوزەرێك بکەین.

حیجابێکی ئیسلامی و دانیشتنێکی زۆر ژنانە, "شیاو شایستە", جلوبەرگێکی مەدەنی و دانیشتنێکی نەشیاو و "غەیری ژنانە" , پیاوێك.

ئەم وێنەیە پڕە لە دژایەتی. بەڵام هێشتاکەش نازانین لەو دانیشتنەدا چی وتراوە؟

تۆ بڵێی باسی بڕیارێکی دیکەی دژی ژنان کرابێت و پەرلەمانتاری قەڵەم لە پێڵاودا خەوتوو بیەوێت قەڵەمەکەی نەبیتە شەریکی ئیمزالێدان لە بڕیاردانێکی ئاواهی. هیچ شتێك نازانین. وێنەیەکە و چرکەساتێکی دانیشتنی پەرلەمانە و هیچی تر.

تێڕوانینی سەرەکی من لەم وتارەدا لە دەوری "دانیشتنی نە شیاو و ناشایستە"دا دەسوڕێتەوە, بە تایبەت لەبەرانبەر جوڵەو هەڵسوکەوتی ژنێکی پەرلەماندا. بەڵام بەوەی قەڵەم جێگایەکی هێندە گەورە لای کەژاڵ داگیردەکات, ناچارم لە قەڵەمی ناو پێڵاوی خانمی ناو پەرلەمانەوە دەستپێبکەم, چونکە بۆ کەژاڵ, خانمی ناو وێنەکە, بێ ڕێزی بەرانبەر بە قەڵەم کردووە.

وشەکانی قەڵەم, عەشق, زیاترین وشەیەکن کە پانتاییەکانی ناو شیعر و ئەدەبیاتی کوردییان داگیرکردووە. قەڵەم و عەشق لە شیعری کوردیدا لە خەرمانەی موقەدەسەوە دەئالێنرێنن و جێگای ئایەتی پیرۆزی ناو تێکستە ئایینییەکان دەگرنەوە.

ئەم قەڵەمپەرستییە سەرچاوەکەی لە بەرهەمهێنانی فیکر و مەعریفەوە نەبووە لە زمانی کوردیدا, بەڵکو جێگای بەرزی ئەو لە ناو شیعر و ئەدەبیاتدا لەو شوێنەوە بووە کە نەخوێندەواری لە دڵی کۆمەڵگای ئێمەدا هەڵیکەندووە. قەڵەم بە دەستی شاعیرانەوە هێمای وشیارکردنەوە و خەباتی دژی نەخوێندەواری بووە و کاتێکیش بەدەستەوە گیرا, ئیتر موختاربوون و میرزابوون و باشکاتب و دەیەها مەقامی تری لە کۆمەڵگادا بەدەستهێنا. بەڵام کاتێکیش بەدەستەوە گیرا, بووە هۆکاری گوومناوکردنی هەزاران ئینسانی شەریفی کۆمەڵگای ئێمە کە نەخوێندەواربوون و لە پرۆسەی بنیاتنانی ئەمرۆکەی کۆمەڵگای کوردوستاندا, ڕۆڵییان زۆر لە قەڵەمدارەکانی کۆمەڵگا کەمتر نەبووە. بەڵام بەوەی قەڵەم چەکی فیکری دەستی ژنانە, نازانم کێ ئەم ڕۆڵەی بە مجۆرە دابەشکرد, دانانی بەوشێوەیەی لە وێنەکەدایە, خەمی کەژاڵ قورستردەکات. بەڵام دیاردەی قەڵەمپەرستی ناو کۆمەڵگای کوردی, بە تایبەت لە کەیسی داکۆکیکردن لە مافەکانی ژناندا,وەك لەسەرەوە ئاماژەم پێدا, ژمارەیەکی زۆر لە داکۆکیکارانی مافەکانی ژنان گومناو دەکات. هۆکارەکەیشی لەوەدایە کە ژێردەستەیی ژنان خود بە خود, بەرهەڵستکارییەکی سروشتی بەرهەمدەهێنێت. لە هەر کوێیەك چەوساندنەوە هەبێت, بەرهەڵستکاریش هەبووە. لە وڵاتێکدا ژمارەی ژنکوشتن بەو ئاستە بێت وەك لە کوردستاندا, بەرهەڵستکاریش بەرانبەر بە ژنکوژی بەرلەوەی لە خامەی قەڵەمبەدەستانەوە بوو بێت, لە لایەن ئەو ئافرەتانەوە بووە کە ئاگریان لەخۆیان بەردا. ئەوانەی کە بەم کردەوەیان نەفرەتێکی گەورەیان لە ستەم و نابەرابەرییەك کرد کە کۆمەڵگا دەرهەق بەوانی ئە نجامی داوە. ئەم هاوارە, گۆڕستانەکانی ڕەشەکوژی ژنان بڵندگۆیەتی و جەستەسوتێنراوەکانی ژنانیش مانیفێستی. بزووتنەوەی ژنان لە کوردوستاندا بەرلەوەی لە ڕێگەی قەڵەمبەدەستانەوە چووبێتە پەرلەمان تالەوێ بە دەسەڵات بڵێت: ئەها چی دەگوزەرێ! لە وقیژەو هاوارە نەبڕاوەیەی ناو ماڵ و گەڕەك و شارەکانی کوردستانەوە دەنگی هەڵبڕی. ئەمە بە مانای کەمڕەنگکردنەوەی قەڵەمبەدەستانی ژن و پیاوی کوردستان نییە, بەڵکو بە مانای بینینی ئەو هەزاران ژن و پیاوە یەکسانیخوازەی کوردستانە کە بەشێکی زۆرییان, قەڵەمبەدەست نەبوون و ڕۆڵییان لە قەڵەمبەدەستان کەمتر نییە. بۆیە چیرۆکی قەلەمبەدەستان وەك پاڵەوانی بە سیاسیکردنی ئەم پرسیارە گرنگەی کۆمەڵگای کوردستان, ناهەقییەکی گەورە بە ڕوخسارە ونبوو و نەدیارەکانی بزووتنەوەی یەکسانیخوازی کۆمەڵگای کوردستان دەکات.

دەکرێ قەڵەم ئیمزای یاسای چەند ژنەی پێ بکرێت ولێدان لە منداڵیش بکاتە بڕگەیەکی یاسایی. قەڵەم دەکرێ ئیمزای دەیەها گەندەڵی ناو کۆمەڵگای پێبکرێت و ئیمزای لە سێدارەدانی بێتاوانیش. دەکرێ شیعریشی پێبنووسرێت و هەموو ئەو دژە کردارانەیشی کە قەڵەمی سەرەوە دەیکات.

واتا قەڵەم ئەگەر ڕێزیشی هەبێت هیچ کەم و زیادتر نییە لە هەر کەرەستەیەکی دیکەی بەرهەمهێنان کە ژیان بە بێ ئەو نوقسانە. من سەیرم لێ دێت بۆچی مەقاشی نانەوا و تەندوور هەمان جێگای ئەفسووناوی داگیر ناکەن کە بەرهەمهێنەرەوەی سادەترین پێداویستییەکانی کۆمەڵگان کە بەر لە بیرکردنەوە, مەسەلەی ئیدامەی ژیانی ئینسانی پێوە بەندە کە ئەویش مانەوەی فیزیکی ئەوە.

## ژن و دانیشتنی نەشیاو نا شایستە

ئەوەی کە لە کۆمەڵگادا نایەکسانی نێوان ڕەگەزەکان بەرهەمدەهێنێتەوە, هۆکارەکەی لە ڕەگەزی بایۆلۆژی ئینسانەکانەوە نییە کە یەکێکیکیان نێرە و ئەوی دیکەیان مێیە. بەڵکو ئەو ڕژێمی جێندەرەیە کە ڕەگەز لە ئاستێکی گەورەی کۆمەڵایەتیدا دووبارە دروستدەکاتەوە. (ماڵە باجێنە و هەڵماقۆ و خە تخەتێن و یاریکردن بە بووك), پەیوەندییان بە ناوگەڵی نێرومێوە نییە. بەڵکو ئەوە سیستەمی جێندەرە کە ڕەگەز لە ئاستی کۆمەڵایەتیدا دووبارە دروستدەکاتەوە. ئەوەی کە من نائاگاییانە دەنووسم "نێر و مێ" و نانووسم "مێ و نێر" , پەیوەندی بە ڕەگە کولتورییەکانی ئەم ڕژێمی جێندەرەوە هەیە کە هەمیشە دەبێت نێر بخاتە پێشەوە و لە سەرتاپای سترەکچەری کۆمەڵایەتیدا ئەم ئیمتیازە بەو بدات. ئەم دەربڕینەی سەرەوە, سادەترین ئەلفوبێکانی خوێندنی بابەتەکانی جێندەرەوە و تا ئێستا من هیچ شتێکی تایبەتیم نەوتووە. بە واتایەکی دی, ئەگەر نەخشەی ژیانی کۆمەڵایەتی کوردستان بخرێتە بەرچاو , هەستدەکرێت کە ڕژێمی جێندەر لە تەواوی بوارە کولتوری, ئابووری, کۆمەڵایەتی, ئەدەبی و سیاسییەکانی کۆمەڵگادا ئەم نابەرابەرییە بەرهەمدەهێنێتەوە کە سادەترین دەربڕینەکانی, سەردەستەیی پیاو و ژێردەستەیی ژنە. واتا ژنبوون لە دەرەوەی ڕەگەزی بایۆلۆجیدا, ڕۆژانە بە چەندین شێوازی جۆراوجۆر دروستدەکرێتەوە. بە هەمان شێوە بۆ ڕەگەزی بەرانبەریش. "دانیشتنی شیاو و شایستە", "پێکەنین و داندەرنەکەوتن", بەشێك لەو کۆد و سیمبوڵە کولتورییانەن کە ژنێتی لە ئاستێکی کۆمەڵایەتیدا دووبارە پێناسەدەکاتەوە.

بەر لەوەی سەرنجێك لە دانیشتنی "نەشییاو و ناشایستە"ی ژنی ناو وێنەکەی پەرلەمان بدەم, پێویستم بە ڕوونکردنەوەیەکی کورت هەیە سەبارەت بە خودی پەرلەمان و دانیشتنی ناو ئەم هۆڵە. ئەم تێڕوانییینەی من, بە جۆرێك لە جۆرەکان, دەبێتە بەرەنگارییەك لە پەرلەمان و دەسەڵاتێك کە زۆر کەس پێیوایە, دەستکورتترین ئۆرگانەکانی ئەم حکومەتە ئەوانن, واتا پەرلەمانتارانی کوردستانن. بەڵام جێخستنی ئەم دیدە, کۆمەکێکی گەورە بە ئێمە دەکات تا باشتر لە دانیشتنی ناو وینەکەی پەرلەمان تێبگەین.

کەسانی سیاسی و پەرلەمان.

پەرلەمان بەر لەوەی شوێنی ئەو بڕیارە سیاسییە گرنگ و گەورانەبێت, شوێنی کاری ئەو کەسانەشە کە کارییان سیاسەتە. واتا پەرلەمان وەك قوتابخانە و ژووری بەڕێوەبەری ڕۆژنامە و ژووری تاپییستەکانی دائیرەیەك و هەموو شوێنی کارەکانی دی, شوێنی کاری ئەو کەسانەیە کە سیاسەت کارییانە. لە هەموو شوێنێکی کاردا, باوێشك دەدرێت, نوکتە دەکرێت و دەشکرێ بپژمیت. بۆ خۆکێشانەوە و باوێشکدان یان قەڵەم خستنە دەمەوە بۆ سەرنووسەری ڕۆژنامەیەك کاتێك زۆر ماندوو دەبێت, ڕەوایە, بەڵام بۆ کەسانی ناو پەرلەمان تاوانە؟. هۆکاری ئەم تێڕوانینە بۆ سیاسەتمەداران , لەو دیدە نا دروستەوە سەرچاوەی گرتووە کە بەشێکی زۆری کۆمەڵگا و خێڵی ڕۆشنبیران و ڕۆژنامەنووسان سەبارەت بەم کارەی پەرلەمان داویانەتەدەر. ئەو دیدەی لەپشت پێکەنین بە پەرلەمانتارێکەوە دەنگ هەڵدەبرێت کاتێك قەڵەمەکەی دەخاتە ناو پێڵاوەکەیەوە یاخود باوێشکی داوە و خەریکە خەوی لێدەکەوێت, جیاکردنەوەیەکی گەورە لە بەینی ئەو شوناسە جۆراوجۆرانەدا دەکات کە کەسی پەرلەمانتار دەکرێ هەڵگری بێت. "من پەرلەمانتارم, ژنم, دایکم, سەرۆکی حزبی چەپم و ئاشقیشم", دەربڕینی (گویدرون شیمان)ی سەرۆکی حزبی چەپی سویدە کاتێك چاوەکانی کامێرا وێنەی ئەو لە ئاهەنگێکی لاواندا زوومدەکات و دەکرێت بە گاڵە کاتێك تاوانباری دەکەن کە سەمای گەنجانە و ئەو کوجا مەرحەبا. (شیمان), سەرنجی کۆمەڵگای سوید بۆ ئەو لایە دەباتەوە کە سیاسیبوون , ناکرێ بە مانای کوشتنی تەواوی ئەو شوناسانەی دیکەی ئینسان بن کە ڕۆژانە بەشێکی دانەبڕاوی ئەو پێکدەهێنن. بوون بە پەرلەمانتار, بە مانای ئارەزوو نیشاندان نییە بۆ هەموو ئەو پرسیارانەی کە لەوێدا باسدەکرێن. دەکرێ مەسەلەی باشترکردنی خەستەخانەکان, شوێنی تێڕامانی جدی ئەو پەرلەمانتارانە نەبن کە پرسیاریی یەکەم بۆیان, باشترکردنی وەزعی زیندانەکانە. بۆیە دەکرێ گوێگرێکی باشی جەدەلەکانی ناو پەرلەمان نەبن لە پەیوەند بە پرسیارێکی تەندروستیدا. بۆیە بینینی پەرلەمان وەك شوێنی کار و قبوڵکردنی ئەوەی کە کارمەندانی ئەو شوێنە دەکرێ وەك هەموو ئینسانێکی دیکە ماندوو بن یاخود قاچ زیاترڕاکێشن, دەکرێ ئێمە تووشی شۆکێکی گەورە نەکات.

بەڵام تووڕەبوونی کەژاڵ ئەحمەد لە کوێوە سەرچاوەی گرتووە؟
بەشێکی لەم دیدەوە سەرچاوەی گرتووە کە پەرلەمانتار بوون, بە مانای سڕینەوەی تەواوی شوناسە جۆراوجۆرەکانی دیکەی ئینسانە و بەرزکردنەوەی ئەوە بۆ ئاستی کەسێکی سوپەرمان و ئەفسووناوی. ئەم دیدە بۆ سیاسییەکان لە کۆمەڵگای ئێمەدا هێند گەورەیە کە دابڕانێکی گەورەی نێوان کەسی سیاسی و هاوڵاتیدا پێکهێناوە و زۆربەی زۆری کۆمەڵانی خەڵك هیچ شتێکی تایبەتی دەربارەی ئەو دیوی شوناسی سیاسیبوونی ئەوان وەك ئینسانێکی کۆمەڵگا نازانن. لە وڵاتێکی وەکو کوردستان و زۆر جێگای تری خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا, ئەمە بەشێك لە گەمەکانی دەسەڵاتە و ئامانجدارانە لەلایەن دەسەڵاتەوە دەبرێتە پێش. هاوکاتیش بەوەی مێژووی پراکتیزەکردنی ئەم جۆرە لە کردەوەی سیاسی, مێژوویەکی درێژە, ئەم تێڕوانینە بۆ سیاسەتمەداران, بە تێڕوانینێکی گشتی جەماوەر گۆڕدراوە. ئەو دیدەیشی کە لە پشت بەرهەمهێنانەوەی گاڵتەکردن بە کەسانی خەوتووی ناو پەرلەمانەوەیە, یان لە دۆخی ژنەی لەمەڕ وێنەکەی باسەکەی مندا, دەیەوێت هەمان گوتار بەرهەمبێنێتەوە و ئەفسانەیەك لە کەسی سیاسی دروستبکات. هەر بۆیەش لە و کۆمەڵگایانەدا کە دابڕان لە نێوان هاوڵاتی و کەسانی سیاسیدا زۆر گەورەیە, هاوڵاتییان بە جیا لە شوناسی سیاسیبوونی سیاسەتمەداران, هیچ شتێکی دیکە سەبارەت بەوان و ژیانی جۆراوجۆرییان نازانن. بۆیەش ڕۆژنامەکانی "زەم و زەمکاری" ئەوروپا ئەم کەلێنە بۆ هاوڵاتییان پڕدەکەنەوە لە پەیوەند بە ژیانی ناودارانی سینەماو مۆسیقادا.چونکە سیاسەت لە ئەوروپادا, ئەمجۆرە لە پاڵەوانی ئەفسانەیی سیاسەتمەدارانی تێپەڕاندووە و ئەوە ناودارانی سینەما و گۆرانبێژانن لە ڕێگەی مێدیای خۆرئاواوە, دەکرێنە کەسی ئەفسووناوی. لە وڵاتێکی وەکو ئێمەشدا کە ئەم هونەرە هێشتا گەشەینەکردووە, هاوڵاتییان لە ڕێگەی کەناڵە نەبینراوەکانی نوکتەوە, دەیانەوێ ئەو لایەنە شاراوانەی ژیانی ئەوان دەربخەن. ئەفسانەی خۆشوشتنی شابانووی ئێران لە ناو بانێۆی شیردا و داستانی فلانە "مەنسولی" کورد کە بە مەمکەمژەی منالان شیر دەدات بە کارمامزەکانی. هیچ شتێك نییە جگە لە دەرخستنی ئەو دابڕانە گەورەیەی هاوڵاتییان لە سیاسییەکان و ژیانی ڕووژانەی ئەوان. بەڵام کاتێك ئەو دیدەمان قبوڵکرد کە ماندوێتی, قاچڕاکێشان, پێکەنین و دەیەها ڕەفتاری دیکەی ئینسانی, خاڵ هاوبەشی هەموو ئینسانەکانە و بوون بە پەرلەمانتار بە مانای چەپاندنی ئەمانە نییە, ئەو کاتە زۆر سادە

دەرکەوتنی شوناسە جۆراوجۆرەکانی دیکەی کەسی سیاسی, ئەفسانەی "سەرو ئینسانیبوونی ئەوان" دەرەوینێتەوە. واتا"زەمینییان" دەکاتەوە. بە کورتییەکەی ئەو دیدەی بە چاوێکی سەرسوڕمانەوە لەم دیاردانە دەڕوانێت, لە پرۆسەی بەرهەمهێنانەوەی "بە ئەفسانەکردنی سیاسە تمەداران"دا کارەکتەرێکی کارایە و لەگەڵ گەمەکانی دەسەڵاتدا بۆ نیشاندانی سەروئینسانیبوونی دەسەڵاتەکەی ئەو, هەمان گوتار دووپاتدەکاتەوە. ئەگەر ئەم تێڕوانینە بۆ کەسانی پەرلەمانتار کە کەژاڵیش هەما دیدی هەیە وبەهۆیەوە توشی شۆکێکی گەورە دەبێت بە بینینی وێنەکە, هۆکاری توڕەبوون و هەست بەشەرمکردنی ئەو پێکدەهێنێت,ئەوا لایەنێکی دیکەی تووڕەبوونی کەژاڵ, لە شوێنێکی دیکەدایە. کەژاڵ دەنووسێت:" بەڵام باوەڕبکەن شەرم دەکەین و خەمدامانەگرێت کاتێك دەبینین ئەو پێشنیازانەی دوێنێ قەڵەمەکانی ئێمە لە سەدان بۆنەدا بۆ حزب و حکومەت و خەڵکی کوردستانمان هەزاربارە دەکردەوە تا گەیاندمانە قۆناغی جێبەجێکردن, ئەمڕۆ بەدەستی ژن خۆی ناشیرین دەکرێن و دەکرێنە بەهانە بۆ ئەو پیاوانەی تا ئێستاش پێیان وایە گونجاوترین شوێن بۆ ژنان ڕەوانەکردنەوەیانە بۆماڵەوە."

بە کورتییەکەی, بەرلەوەی پیاوانی پەرلەمان لە ژنی ناو وێنەکەی پەرلەمان بێنە دەنگ و بە "تەعلیقە" پیاوسالارییەکانی خۆیان ئەوە دووپاتکەنەوە کە "گوونجاوترین شوێن بۆ ژنان کونجی ماڵە" , کەژاڵ دێت و ئەم کارە دەکات. واتا ئەو پۆلیسە کولتورییەی کە ڕژێمی جێندەر بە بەشێك لە "کۆمەککارەکان"ی خۆی سپاردووە تا سنوورەکانی نێوان نێر و مێ تێکەڵ نەبن و "ژنێتی و پیاوێتی" بەو کۆد و ڕەفتارە دروستکراوانەوەی خۆیانەوە بمێننەوە, لەلایەن کەژاڵەوە ئەنجامدەدرێت. ئەم هەڵوێستگرتنەی کەژاڵ, زیاتر نزیکدەبێتەوە بەو بارە سایکۆلۆژییە تایبەتییەوەی کە ژێردەستەبوونی زۆرێك لە گروپە کۆمەڵایەتییەکان لەلایان دروستدەبێت.

(فرانز فانۆن) لە خوێندنەوەی دۆخی سایکۆلۆژی ڕەشپێستەکاندا بە هۆی کۆلۆنیالیزم و باڵادەستی پیاوی سپییەوە , کۆمەڵێك ڕوونکردنەوەی گرنگمان دەخاتە بەردەست. "هەر گروپێکی ژێر دەست, وەك هەنگاوی سەرەتایی بۆ ڕزگاربوون, دەبێ خۆی لە و دید و وێنەیە ڕزگار بکات کە گروپی سەردەست بۆی کێشاوە", پەیامی کورتی فانۆنە لە ( پێستی ڕەش, ماسکی سپی )دا.
هەر بۆیەش بەشێکی زۆری ژنانی ڕەش, بۆ ڕزگاربوون لە کۆدە کولتورییەکانی ڕەشپێستبوون, خوازیاری پێکهێنانی پەیوەندی خێزانی بوون لەگەڵ پیاوانی سپیدا. لە دۆخی کۆلۆنییالیزەکردنی خەڵکی کوردوستاندا و هەستی خۆبەقوربانیزانی ئینسانی کورددا, ئەم بارە سایکۆلۆژییە تایبەتییە پاڵ بە تاکی کوردەوە دەنێت تا لەڕێی ئەفسانەکانی بەکوردکردنی کەسانی دییەوە, خۆ لە دیدی قوربانیبوونی خۆ ڕزگارکات. ئەفسانەکانی بەکوردکردنی مەحمود ملیجی و فەرید ئەترەش و سوعاد حوسنی و فیسارە کەسی بەناوبانگی دی کە لە زەینی زۆربەی خەڵکی کوردستاندا هێشتا گەرمە, هیچ شتێك نەبووە, جگە لە گێڕانەوەی باڵانسێکی ڕۆحی تایبەت کە ژێردەستەبوونی خەڵکی کورد و قوربانیبوونی ئەو لای ئەوانی دروستکردووە. بە کورتییەکەی:" ئەها منیش شتم"
هەر بۆیەش ئەم هەڵوێستوەرگرتنەی کەژاڵ دەچێتە خانەی ئەو ڕەفتارنواندنە نائاگاییانەی ژنێکەوە کە باڵادەستی کولتوری ژێردەستەیی ژن لە مێژوودا خوڵقاندوویەتی. ڕۆشنبیربوون و قەڵەمبەدەستبوون دەکرێ پانتاییەکانی نائاگایی ئینسان بچووکتر بکاتەوە و ڕووبەرەکانی ئاگایی گەورەتر بکات. بەڵام ئەمە کارێکی هەروا ئاسان نییە. کەژاڵ لەم تووڕەبوونەیدا, بە چاوی سەردەستەکەی خۆیەوە, پیاو و سیستەمی پیاوسالاری,تەواو لە نائاگایی خۆیدا و بەنییەتێکی "یەکسانیخوازانەوە", لە خۆی و هاوچارەنووسەکانی خۆی دەڕوانێت. بۆیەش بەرلەوەی پیاوان لە ژنەی پەرلەمان بێنە دەنگ, ئەو پێی دەڵێت:"جوان دانیشە".

ئەم نموونەی خوارەوە دەکرێ کەمێك کۆمەککەر بێت. مێژووی بوونی ژن لە ناو سیستەمی دادی کۆمەڵگادا, مێژوویەکی درێژ نییە. ئەگەر چی لە سویددا, کۆششێکی گەورە هەیە کە سەرتاپای بوار و چالاکییەکانی کۆمەڵگا بە فیفتی فیفتی تەواو بێت. لە لێکۆڵینەوەیەکی سەرنجراکێشی ساڵی پاردا لە سویددا بۆ سەرنجدان لەو بڕیاری سزایانەی کە داوەرانی ژن و پیاو داویانە لە پەیوەند بە کەیسی لاقەکردنی ژناندا, هەستدەکرێت کە سزای داوەرانی ژن بۆ ئەو تاوانبارانەی کە بەو تاوانەوە سزادراون, کەمتر و نەرمتر بووە لە چاو هاوکارە پیاوەکانیاندا. یەکێك لەو هۆکارە گرنگەکانی کە هۆی جیاوازی سزای لاقەکەران لە نێوان داوەرانی پیاو و ژندا ڕووندەکاتەوە, بە لەبەرچاوگرتنی هەمان چوارچێوەی یاسایی, ئەو بارە سایکۆلۆژییە تایبەتییەیە کە داوەری ژن خۆی تیادەبینێتەوە. بە تایبەت کاتێك مێژووی سیستەمی داد و باڵادەستی پیاو لەناو ئەم ئۆرگانەی کۆمەڵگادا لەبەرچاوبگرین. هەربۆیەش ئەم باڵادەستییە کولتورییەی پیاوان, ئەو هەستە لای ژنانی دادوەر دروستدەکات کە بۆ ئەوەی داوەری ژن تاوانبار نەکرێت کە هاودەردییەکی ژنانەی لەگەڵ ژنانی قوربانیدا هەیە, کەمترین سزا بۆ تاوانبار قایلدەبێت, تا بیسەلمێنێ ئەو وەك ژن لە ڕۆڵی ژنی قوربانی دەربازبووە. بێگومان ئەم جەنگە سایکۆلۆژییە لە ئاستی ناوشیاری تاکدا ڕەنگدەداتەوە و کەمتر دەتوانرێت وەك دەربڕینێکی ڕاستەوخۆ

بەدەستبیێنرێت. ئەو کاریگەرییە سایکۆلۆژییەی کە هەمووومان لەگەڵ سوڕانەوەی کیژۆڵەیەکی ڕووتدا بە بێ دەرپێ، خێرا دەڵێین: "کۆشت دا پۆشە کچێ" لەکاتێکدا کەسمان هەمان کاردنەوە، بە هەمان ئەندازە نیشان نادەین، ئەگەر مناڵەکە کوڕ بوایە.

## دوا وتە

پرسیاری یەکسانی لە کوردستاندا ناکرێت هەر پرسیارێکی سیاسی بێت. سیستەمی جێندەر و کاریگەرییەکانی ناکرێ تەنها لە بوارە یاسایی و سیاسییەکەیدا جێگای تێڕامانی "قەڵەمبەدەستان" بێت. سیستەمی جێندەر وەك تۆڕێك سەرتا پای کۆمەڵگای تەنیوە و یەك بەیەکی جومگەکانی کۆمەڵگا دەبێت شوێنی تێڕامان و وردبوونەوە ڕەخنەگری ئەم سیستەمە بێت. بواری کولتوری و فەرهەنگی ژیانی ئینسانەکان، گرنگترین بوارەکانییەتی. دەکرێ لە ڕێگەی بڕگەیەکی یاساییەوە تاوانی شەرەف سنووردارپکرێتەوە، بەڵام ئەو جیهانە کولتورییەی کە چەمکی شەرەفی لەسەر هەڵچنراوە و لە ناوشیاری تاکەکانی کۆمەڵگادا مێژوویەکی درێژی لە دوای خۆیەوە جێهێشتووە، چەندین ساڵ دوای ئاڵوگۆری یاسایش هەر سەروەرە.

هەر بۆیە وێنەی ژنە پەرلەمانتارێکی پەرلەمانی کوردستان، بەر لەوەی جێگەی تووڕەبوون و هەست بە شەرمکردن لای بینەری وێنەکە دروستبکات، دەبوایە جێگای شانازی و پیاهەڵدان بوایە. وێنەیەك کە تیایدا ژنێك، بۆ ساتێکی کەمیش بێت، لە ژێر جەبرو فشارە کولتورییەکانی ڕژێمی جێندەردا، لە نائاگایی خۆیدا، ئەو ئازادییە بەدەستدەهێنێتەوە و ئەو کۆت و بەندە کولتورییانەی کە ترادیسیۆنی ڕژێمی جێندەر بۆی کێشاوە دەنێتە لاوە و وەك "ئینسانێکی بێڕەگەز" ڕەفتار دەکات. وێنەی ژنە پەرلەمانتاری ڕۆژنامەی (ژیانەوە)، چرکەساتێکی ئازادانەی ژنێکە کە زۆر بێئاگایانە لەو کۆت و بەندە کۆمەڵایەتییانەی کە ڕژێمی جێندەر بەسەر "چۆنێتی هەڵسان و دانیشتنی ئەودا" فەرزیکردووە، تێکدەشکێنێت و ئەو دەکاتەوە بە "منێکی خۆ". جێگای داخێکی گەورەیە، ئەم فیشەکە بۆ کوشتنی لە دایکبوونی "ئازادییەکی سروشتی " کە لە نائاگایدا ڕوویداوە و ئەگەر فشارەکای ڕژێمی جێندەر نەبوایە، زۆر سروشتییانەو بە ئاگاییانەوە لە کۆمەڵگادا، ئەم جۆرە دانیشتنە سروشتییە ئینسانییەی ژنانمان لەسەرتا پای کۆمەڵگادا دەبینی، لە دەستی کەژاڵ ئەحمەدەوە دەتەقێنرێت. لە ڕاستیشدا، پرسیاری یەکسانی لە کۆمەڵگادا، هیچ شتێك نییە جگە لە سڕینەوە و لەبەرچاونەگرتنی ئەو شوناسە دەستکردە جۆراوجۆرانەی کە "نێرێتی و مێیتی" بەرهەمدەهێنێتەوە و بەهۆیشییەوە ئینسانەکان لە دوو پێگەی کۆمەڵایەتی و ئابووری جیاوازدا دادەنرێن. بۆیەش ئەگەر تووڕەبوونی کەژاڵ ئەحمەد "لەسەر باڵی پێڵاودا" لە خەمێکی یەکسانیخوازانەوە بووبێت، ئەوا بێگومان ئەم خەمەی من، هیچی لەو کەمتر نییە.